ڤلادیمێر پوتن گەیشتە پێکین



بەیانی ئەمڕۆ سەشەممە، سەرۆکی رووسیا ڤلادیمێر پوتن بە سەردانێکی دوو ڕۆژە گەیشتە پێکینی پایتەختی چین، سەردانێکی پوتن بە بەشداریکردنە لە کردنەوەی کۆبەندی "پشتێنە و ڕێگا"، بەیاریشە وتارێک پێشکێش بکات.

ئاژانسی "سپۆتنیک" بڵاویکردۆوە، ڤلادیمێر پوتن، سەرۆکی رووسیا بە فڕۆکە گەیشتە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی "شودو" لە پێکین، بە بەشداریکردن لە سێیەمین کۆبەندی نێودەوڵەتی بە هاریکاری ئەراسیا بە ناوی "پشتێنە و ڕێگا"، ئاماژەی بۆشکرد، پوتن زنجیرەیەک کۆبوونەوە ئەنجام دەدات، کە گرنگترینیان کۆبوونەوەی دوو قەیەیە لەگەڵ سەرۆکی چین، شی جینپینگ.